| | | |
|---|---|---|
| **وەزارەتی ناوخۆ**<br>**پارێزگای هەولێر**<br>**ب.گرێبەستە گشتییەکان** | حكومەتی هەرێمی کوردستان<br>حكومة إقليم كوردستان<br>KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT | **وزارة الداخلية**<br>**محافظة أربيل**<br>**مديرية العقود العامة** |

**ژمارە:** ١٨٣

١٥/ ١١/ ٢٠٢٠ زاینی

## ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ٥١ )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەینێت بۆ پرۆژەی ( دروست کردن و
چاککردنەوەی رەحلە بۆ قوتابخانەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی
هەولێر) پێی هەلدەستێت. جا هەر بەلێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان
بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو
تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری
لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان
کاتژمێر(١٢)ی نیوەرۆ رۆژی ( سێ شەممە) رێکەوتی ١ /١٢/ ٢٠٢٠ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی
تەندەر رازی بێت .وە کرێی بلاو کردنەوەی راگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

<u>مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:</u>

- ❖ کۆمپانیا لە پلە ( ٤ ) کەمتر نەبێت نوێ کراوە بێت .
- ❖ پشتگیری باجی دەرامەت نوێ کراوە بێت .
- ❖ هێنانی بارمتەی سەرەتایی بە بڕی ( ٣٨,٠٠٠,٠٠٠ ) سی و هەشت ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەند کراو یا ( خطاب الضمان ) .
- ❖ دەبێت ناسنامەی پۆلینی کۆمپانیا و یەکیەتی بەلێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بینێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- ❖ فرۆشتنی تەندەر ( ٣٠٠.٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار کە ناگەرێتەوە ، وە رۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەرۆ دەبێت.

<u>تێبینی</u> :- دوو رۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .

**مافپەروەر**
**هێمن قـــادر**
**ل / پارێزگاری هەولێر**
**٢٠٢٠/١١/**

<u>وێنەیەك بۆ :-</u>

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە رۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەل رێزماندا
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە رۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / تکایە......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی (I .T)

بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......

- ✓ رۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل رێزماندا ......
- ✓ رۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگاداریەکە بلاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەل رێزماندا ......
- ✓ یەکیەتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەلواسینی ئاگاداریەکە .
- ✓ خولاو